**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کاریگەری فاکتەری ئابووری لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتدا

**م.ی. احمد بابکر احمد**

بەشی دیبلۆماسیەت وپەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، کۆلێژی یاسا وپەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Ahmed.babakr@lfu.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢١/١٠/١٢

پەسەندکردن: ٢٠٢١/١١/٢٨

بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**

*Foreign Policy, Economy, Effects, Positive effect and negative effect.*

Doi: 10.25212/lfu.qzj.7.1.16

**پوختە**

سیاسەتی دەرەوەی هەر وولاتێك گوزارشت لە پلە و پێگەی سیاسەتی ئابووری و سەربازی و حاڵەت و بارودۆخی ڕاستەقینەی ئەو وولاتە دەكات، هەروەها كۆمەڵێك فاكتەر پێگە و كاریگەریان هەیە لە سیاسەتی دەرەوەی یەكەی نێودەوڵەتی دا. ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر فاكتەری ئابووری وەك یەكێك گرنگترین فاكتەرەكانی سیاسەتی دەرەكی وولات، ڕۆڵ و گرنگی ئابووری روون كراوەتەوە چ لە لایەنی ئەرێنی بۆ وڵات و چ لە رووی رۆڵی نەرێنی لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتدا. گرنگی بابەتی تویژینەوەكە لەوەدا بەرجەستە دەبێت كە سیاسەتی دەرەوەی هەر وولاتێك نوێنەری سەرجەم توانا پلە و پێگەی وولاتەكەیە.

## پێشەكی:

## گرنگی توێژینەوە

گرنگی توێژینەوە پشت دەبەستێت بە گرنگی گۆڕاوی ئابوری و کاریگەریە سەرەکیەکەی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی بەتایبەتی لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتدا، هەروەها ئابووری بۆتە بابەتێکی سەرەکی بۆ زۆر بواردا لە جیهانی ئەمرۆدا، یەکێکیش لەم بوارە گرنگانە سیاسەتی دەرەوەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## گریمانەکانی توێژینەوە

ئابووری ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەیە لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتدا، هەرچەند سیاسەتی دەرەوەی یەکەی نێودەوڵەتی جەخت لەسەر فاکتەرە ئابوریەکان بکاتەوە ئەو سیاسەتە کاریگەری زیاترە بۆ یەکەی نێودەوڵەتی.

میتۆدی توێژینەوە

توێژینەوەکە پشت بە دوو میتۆد دەبەستێت کە بریتین لە میتۆدی شیکاری و میتۆدی وەصفی لە وەسف کردن و شیکردنەوەی ڕۆڵ و پێگەی ئابووری لە سیاسەتی دەرەوە هەروەها لە میتۆدی شیکاری کاریگەری فاکتەری ئابووری لە سیاسەتی دەرەکیدا روون دەکاتەوە.

## پێکهاتەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە پەیکەرێک پێکدێت بەم شێوەیە:

1-: فاکتەرەکانی دەست نیشانکردنی سیاسەتی دەرەکی

1-1 : فاکتەرە ناوخۆییەکان:

1-1-1: سیستەمی سیاسی

1-1-2: شوێنی جوگرافیا

1-1-3: سەرچاوە و داهاتی سروشتی

1-2: فاکتەرە دەرەکیەکان:

1-2-1: ژینگەی نێودەوڵەتی

1-2-2: چوارچێوەی کارلێککردن.

## 2: ڕۆڵی ئابووری لە چالاککردنی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت

2-1: کاریگەریە ئەرێنی فاکتەری ئابوری لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت ( بەخششە ئابوریەکان و هاوکاریەکان)

2-2: کاریگەری نەرێنی فاکتەری ئابوری لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت (سزا ئابوریەکان)

## 1: فاکتەرەکانی دەستنیشانکردنی سیاسەتی دەرەکی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەبەست لە دەستنیشانکردنی سیاسەتی دەرەکی و ئەو بنەمایانەی کە سیاسەتی دەرەکی دەستیشان دەکەن ئەو فاکتەرانەن کە کاریگەری دەکەن بەشێوەیەك لە شێوەکان لەسەر دروستکردن و پێکهێنان و داڕشتنی پلانی سیاسەتی دەرەکی بۆ هەر دەوڵەتێك، بەهەمان شێوەش خوێندنەوەی سیاسەتی دەرەکی دەگەیەنێت وەك گۆڕانکاریەکی پاشکۆ لە هەمبەر کۆمەڵە گۆڕانکاریەکی سەربەخۆ کە هەردوو ژینگەی سیاسی دەرەکی و ناوخۆیی وەك پێدراوێك دەیبەخشن (جونسون، ١٩٨٩، ل ٢٦).
لێرەدا هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر گرنگترین ئەو فاکتەرانەی کە سیاسەتی دەرەکی دەستنیشان دەکەن ئەویش لە میانەی دوو باسدا:

**1-1: فاکتەرە ناوخۆییەکان:**

**1-1-1: سیستەمی سیاسی:**

سروشتی سیستەمی سیاسی وولات ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە دەستنیشانکردنی سیاسەتی دەرەکی هەروەکو سیاسەتی دەرەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وڵاتانی تر کە کاریگەریان لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی هەیە (علی و نورەدینی، ٢٠١٧). بۆ نموونە سیستەمە دیموکراسیەکان دەبنە هۆکار و بنەمای پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی میانڕەوانە و ئاشتیانە، بێگومان ئەم سیستەمە خەسڵەتی فرەیی لە خۆ دەگرێت و بەشداری سیاسی تیایدا زیاترە، بەڵام سیستەمە دیکتاتۆریەکان زیاتر خەسڵەتی پاوانخوازە و شەڕەنگێزیان پێوە دیارە (جونسون، ١٩٨٩، ل. ١٩٨). لەگەڵ ئەوەشدا (تێبینی ئەوە دەکەین کە زۆر لە وڵاتە دیموکراسیەکانیش پەنا دەبەنە بەر هێزی سەربازی بۆ پاراستنی بەرژوەندیەکانیان لەسەر ئاستی دەرەکی.
بێگومان جێگیربوونی باری سیاسی ناوخۆ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دروستکردنی نەخشەی سیاسەتی دەرەکی وولات، هەر کاتێك باری ناوخۆی سیاسی جێگیر و پتەو بێت ئەوا دەوڵەت دەتوانێت سیاسەتێکی دەرەکی ئامانجدار پەیڕەو بکات.
جێگیر بوونی باری سیاسی ناوخۆ وێنایەکی باش بە وولات دەبەخشێت لەسەر ئاستی پیوەندییە دەرەکیەکان و کە پاشان دەبێتە هۆی ئەوەی وڵاتانی دیکە متمانە بەو حکومەتە بکەن و پەیوەندی بازرگانی و سیاسی و ئابووری لەگەڵدا ببەستن(فقي،2019، ل.7). زۆر وولات هەن کە کێشە و گرفتی ناوخۆییان بۆ دروست دەبێت ڕەنگدانەوەی بەسەر سیاسەتی دەرەکیاندا دەبێت و دەرەنجام ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وولاتە لە پەل و پۆ دەکەوێت و ڕەوشی پەیوەندیە دەرەکیەکانی لاواز دەبێت و تێکدەچێت، بۆ نموونە خۆپیشاندانەکانی وولاتی (جەزائیر) بووە هۆی ئەوەی کە ئەم وولاتە لە ڕووی سیاسەتی نێودەوڵەتی و دەرەکیەوە کەنارگیر ببێت. (مرکز الدیمقراطی العربی، ٢٠١٦).

## 2-1-1: فاکتەری جوگرافی:

پێگە و شوێنی جوگرافی جۆرێك لە ڕەوشی سیاسەتی دەرەکی دەسەپێنێت بەسەر دەوڵەتدا، هەموو وولاتان لە ڕووی جوگرافیاوە وەك یەك نین لەبەر ئەوە سیاسەتی دەرەکیشیان لەم ڕووەوە وەك یەك نیە و لە یەك ئاستدا نین، بۆ نموونە وولاتی (چین) ڕووبەرێکی فراوانی هەیە ئەمەش وا دەکات ئەم وولاتە لە بارودۆخێکی بەرگری دیاریکراودا بێت و لەسەر ئەم بنەمایە سیاسەتی دەرەکی خۆی و پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ وولاتانی دیکەدا دابنێت، کە چی وولاتێکی وەك (بەحرەین) کە ڕووبەرێکی بچووکی هەیە لە ڕووی هێزی بەرگریەوە بەجۆرێکی دی مامەڵە لەگەڵ دەوروبەرکەی خۆیدا دەکات. بە هەمان شێوەش وولاتانی (کوبا) و (لوبنان) ڕووبەرێکی بچووکیان هەیە کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە بەسەر سیاسەتی دەرەکیاندا، کەواتە جوگرافیا و شاخ و سروشتی خاك و سنوورەکان هەموو ڕەنگدانەوەیان بەسەر سیاسەتی دەرەکی وولاتدا هەیە ( عبدالمولی، ٢٠١٦، ل. ١٣٨). بێگومان فاکتەری جوگرافی تەنها ڕووبەر ناگریتەوە بەڵکو پێگەی جوگرافی و ڕووبەر و کەش و هەواش دەگرێتەوە کە ئەمانە توخمی سەرەکی جوگرافیای سیاسی دەوڵەت پێکدەهێنن کە هەموو ئەم توخمانە دەبنە فاکتەری ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ لە دروستکردن و دارشتنی سیاسەتی دەرەکی وولات، لە هەمان کاتدا دەوڵەت پێویستە هێزی ئەوەی هەبێت کە سیاسەتی دەرەکی خۆی بە گوێرەی جوگرافیاکەی بگونجێنێت ئینجا پلە و پێگەی خۆشی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بپارێزێت، پێگەی جوگرافی بۆی هەیە ببێتە فاکتەری هێز بۆ دەوڵەت شوێنە ستراتیژیەکان پلە و پێگەی ستراتیژی بۆ دەوڵەت دەستەبەردەکەن بەمەرجی پەیرەوکردنی سیاسەتێکی نێودەوڵەتی گونجاو و شیاو لەگەڵ ڕەوش و بارودۆخی نێودەوڵەتیدا (مصباح، ٢٠١٨، ص. ٢١٥). بۆ نموونە شوێنی جوگرافی وولاتی (تورکیا)، پلە و پایەکی ستراتیژی مەزنی بەم وولاتە بەخشیوە و ڕۆڵێکی گرنگی داوەتێ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی لە ناوچەکە و لە تێکرای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و سەرانسەری جیهاندا (تورکیا) لەناوجەرگەی جوگرافیەکی گرنگدایە، کە وای کردووە ئەم وولاتە کاریگەری هەبێت بەسەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوروپا و (قەوقاز) و (ڕۆژهەڵاتی ناڤین) و (ئاسیای ناوەڕاست) کەچی هەندێك ووڵات هەن کە ئەو پلە و پێگە گرنگەیان نیە و داخراون، دەرەنجام ناتوانن ڕۆڵی گونجاو و شیاو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بگێرن، وەك ولاتانی: مالی، ئۆگەندا، رواندا،قرغیزستان و ئۆزپاکستان، هتد... (یاسین،٢٠١٥، ل. ٥٦).

کەواتە شوێنی جوگرافی کاریگەریەکی بێ وێنەی بەسەر سیاسەتی دەرەکی ووڵاتەکەوە هەیە، چ ڕاستەوخۆ چ ناڕاستەوخۆ کە پاشان شیمانەی ئەوە هەیە ئەو شوێنە جوگرافی و ستراتیژیە هێز و هەڕەتێك بە دەوڵەت ببەخشێت و بەهۆیەوە سیاسەتی دەرەکی خۆی بەهێز بکات.

### 1-1-3: داهات و سەرچاوەی سروشتی:

داهاتە سروشتیەکانی وەکو (گاز) و (نەوت) و (ووزە) بە گشتی و کانزاکان وەکو ئاسن ومس و زێڕ دەبنە هۆکاری سەربەخۆیی ئابووری بۆ دەوڵەت لەم حاڵەتەدا دەوڵەت لە ڕووی سیاسیەوە واتە لە سیاسەتی دەرەکیەوە هەڵوێست و بڕیارەکانی خۆی بسەپینێت و لەو ڕووەوە بەهێز و خاوەن کەسایەتی سیاسی خۆی بێت لە ڕووی پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکانەوە جگە لەو داهاتانەش خۆراك و خواردەمەنی و دانەوێڵە ڕۆڵ دەگێڕن لە بەهێزکردنی ئابووری دەوڵەت و کە پاشان ڕەنگدانەوەی بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ووڵاتدا دەبێت. بەم داهاتانە سەرچاوەی ئابووری گرنگن بە تایبەتی (ووزە) و (کانزاکان) کە دەوڵەت بەهێز دەکەن و دەبنە هۆکاری بەهێزبوونی سیاسەتە ستراتیژیەکانی دەوڵەت لەسەر ئاستی دەرەوە، لە کاتێکدا ئەگەر دەوڵەت سوود لەو توانستە سروشتیانە وەر بگرێت و بیخاتە خزمەت وڵات نەك دەست گروپێك و بۆ بەرژەوەندی کەس و گروپ بەکاربێت. هەر کاتێك دەوڵەت لەم ڕووگەیەوە بەهێز بیت ئەوا لە سیاسەتی دەرەکی خۆیدا دەتوانێت هەڵوێستەکانی خۆی بەسەپێنێت و ڕەوشی نێودەوڵەتی بۆسوودی خۆی دەستەبەر بکات (مركز الديمقراطي العربي، ٢٠١٦). ئەگەر هەریەك لە وڵاتی ئێران یان سعودیە بە نموونە بهێنینەوە دەبینین ئەو وڵاتە لە ڕووی سەرچاوەی سروشتی بەتایبەت نەوت و گاز دەوڵەمەندن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبووە بەسەر ڕۆڵ و پێگەیان لە سیاسەتی دەرەکیدا ئەگەر ئاراستەکەیان هەرێمیش بێت.

### 1-2: فاکتەرە دەرەکیەکان: ژینگەی نێودەوڵەتی و چوار چێوەی کارلێککردن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بێگومان جگە لە لە فاکتەرە ناوخۆییەکان چەندەها فاکتەری دەرەکیش هە کە دەبنە هۆکاری هێز و لاوازی سیاسەتی دەرەکی کە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر هەندێکیان:

**1-2-1: ژینگەی نێودەوڵەتی:**

واتە بارودۆخ و ڕەوشی نێودەوڵەتی، بێگومان کۆمەڵێك فاکتەری دەرەکی هەن کە بەشێوەیەك لە شێوەکان کاریگەریان بەسەر پێکهاتن و دروستبوونی ڕەوشی سیاسەتی دەرەوەی وولاتەوە هەیە، وەك: نەخۆشیەکان، ململانێ و ناکۆکیەکان و کۆچ کردن هتد... هەروەها ڕەوشی گشتی و بواری گشتی و بارودۆخی نێودەوڵەتی ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە دەستنیشانکردنی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت، ململانێی هێزە مەزنەکان و زلهێزە سیاسی و ئابووری و نێودەوڵەتیەکان و هاوپەیمانیە فراوان و خاوەن هێزە سیاسیە کاریگەرەکان وا دەکەن کە دەوڵەت نەتوانێت گۆشەگیر بێت و پێویستە سیاسەتی دەرەکی خۆی هەبێت و لەوانەشە بەگوێرەی بەرژەوەندی زلهێزەکان هەڵوێست و سیاسەتی دەرەکی خۆی جاروبار بگۆڕێت، گەر سیستەمی نێودەوڵەتی لەسەر هاوپەیمانی ڕێچکە بکات ئەوا پێویستە وولاتە بچووکەکان خۆیان بخزێننە ناو ئەو سیستەمەوە وەیان بەشێك بن لە هاوپەیمانێیتیەکە بۆ ئەوەی باری ئەمنی و ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن، ئەمەش وا دەکات کە ئەو دەوڵەتە سیاسەتێکی دەرەکی دیاریکراوی هەبێت واتە ئەم بابەتە کاریگەری دەکاتە سەر ڕەوشی دەرەکی کە لەوانەیە دژاودژ بکەوێتەوە لەگەڵ سیاسەتی گشتی دەوڵەتەکە و لەگەڵ پرەنسیپە گشتیەکانی سیاسەتی دەرەکی وولات بە گشتی (لیبتل، ٢٠٠٧، ١٣١).

ئەم هاوپەیمانێتیانە کە لە لایەن زلهێزەکانەوە دروست دەکرێت دەرفەتی گرنگ بۆ ئەو وولاتانە دەرەخسێت تاکو سیاسەتی دەرەکی خۆیان بسەپێنێت و وولاتە بچووکەکانی پێ کۆنترۆڵ بکەن. کەواتە ژینگەی نێودەوڵەتی زۆر گرنگە وەك فاکتەرێك بۆ دەستنیشانکردنی سیاسەتی دەرەوە، لەوانەیە دەوڵەت و حکومەت بەخۆی ئەو ڕەوشەی بە دڵ نەبێت وەیان لەگەڵ سیاسەتی ناوخۆیی خۆیدا نەگونجێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەتی دەوڵەت بەشێوەیەك لە ڕووی دەرەکیەوە پەیرەودەکرێت کە لەگەڵ بوار و بارودۆخی گشتی وولاتانی دەرەوە بەتایبەتی وولاتە زلهێزەکاندا بگونجێت. بەم شێوەیە دەبینین کە فاکتەری دەرەکی زۆر جار دەبێتە مایەی دەستنیشانکردنی سیاسەتی دەرەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەوڵەت کە ئەمەش بێگومان ڕەنگدانەوەی بەسەر بارودۆخی ناوخۆی دەوڵەتیشدا دەبێت کەواتە ئەم فاکتەرە یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی دەستنیشانکردنی سیاسەتی دەرەکی.

### 2-2-1: چوارچێوەی کارلێککردن:

گرنگترین بەرهەمەکانی سیاسەتە دەرەکیەکان: واتە دەرەنجامەکان و ئاکامەکانی ئەم سیاسەتە لە چەمکی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بەرجەستە دەبێت کە گرنگی بە کارلێککردنی نێوان ووڵاتان دەدات. پرۆسەی ئەم کارلێککردنە و ئاکام و دەرهاوێشتەکانی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بەرجەستە دەبێت، پرۆسەکانی کارلێککرد لە لایەن ووڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە ئەنجام دەدرێت. ئەم ووڵاتانە لەسەر ئاستی پەیوەندیەکان ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدەن، لەبەر ئەوە شیمانەی ئەوە هەیە کە سیاسەتی نێودەوڵەتی کارلێککردنی دیکەش بگرێتەوە نەك تەنها کارلێکی سیاسی بەڵکو کارلێکی ئابووریشی لە خۆدەگرێت. ئابووریش بێگومان چەندەها لایەن لە خۆ دەگرێت وەکو کرانەوە و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و گەیاندن و هەروەها کارلێکەر و ڕۆشنبیری و وەرزشی و کۆمەڵایەتیەکان کە پێویستە سەرتاپا خزمەت بە ئامانجی سیاسی دەوڵەت بکات چ لە ڕووی دەرەوە و چ لە ڕووی ناوەخۆوە (هادی، ٢٠٢٠) (عبدالمولی، ٢٠١٦).

ئەم مەسەلەیەش لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بوونی هەیە و بە چڕی پەیڕەوی لێ دەکرێت، هەروەها ئەو فاکتەرانە بە تایەبەتی فاکتەری ئابووری لەڕێی کارلێکی نێودەوڵەتیەوە بەڕێوەدەچێت بگرە تەنانەت لەسەر ئاستی تاکەکانیش پێویستە پرۆسەی کارلێککردن بەڕێوەبچێت بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی ببەخشێت، چونکە ووڵاتان هەموو لە ڕووی ئابووریەوە یەك توانا و یەك هێز و یەك داهاتیان نیە کەواتە پیویستە پرۆسەکان بە تایبەتی لە چوارچێوەی دەزگا نێودەوڵەتیەکاندا بەڕێوەبچن، لەبەرئەوە ئەو دەزگایانە لە ڕووی یاساییەوە - واتا یاسای نێودەوڵەتیەوە باوەڕپێکراون و هێزی یاساییان هەیە(فقي، ٢٠١٨، ت٥٤٨).

دەوڵەت دەبێتە هۆکاری ڕێکخستنی جودا کاریەکان، لەم ڕووەوە دەوڵەت دەتوانێت سیستەمێکی پەیوەندی دابنێت و لە ڕوانگە جیاوازەکانەوە کارلێك بکات لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە (عبدالعز،١٩٨١، ص. ٢٠). لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان پێویستە شێوازێك لە مامەڵە و کارلێککردن بپارێزرێت لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتیەوە وە ئەو پەیوەندیانەی کە لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەکیدا بەڕێوەدەچن لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەرەنجامی کارلێکردنەوە سیستەمی تایبەتی نێودەوڵەتی و ژینگەی سیاسی بەشێوەیەك لە شێوەکان پێکدەهێنن. دەوڵەت چەند زلهێز یان بچووك بێت توانای نیە بەبێ ئەو پرۆسەی کارلێککردنە بەرژەوەندیەکانی خۆی دابین بکات. کەواتە دەوڵەت پێویستە بەشێك بێت لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە گوزەرگەی دابینکردنی جۆرێك لە کارلێککردن و ئاوێتەبوون لەگەڵ وولاتانی جیهاندا.

## 2: ڕۆڵی ئابووری لە چالاککردنی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت

بێگومان ئابووری بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە ڕۆڵی گرنگ لە سیاسەتی دەرەکی وولاتدا دەگێرێت، چ لە ڕووگەی ئەرێنی و چ لە ڕووگەی نەرێنیەوە، لەم باسەماندا هەوڵ دەدەین لە دوو باسدا لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەم بابەتە ڕوون بکەینەوە:

### 1-2: کاریگەری ئەرێنی فاکتەری ئابووری لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتدا

ئابووری ناسان باس لە بواری ئابووری و گەشەسەندنی ئابووری دەکەن بە گوێرەی گەشەسەندنی کۆمەڵگە و هەریەك بە گوێرەی گەشەسەندنە ئابووریەکەی خۆی، کە سیاسیەکان کۆمەڵگەکانیان بۆ کۆمەلگەی دیموکراسی و کۆمەڵگەی دیکتاتۆری پۆلێن کردووە (العانی، ٢٠٠٧، ص. ٣٧٤).

ئابووری هەمیشە گەر بەهێز بێت و دەوڵەت بتوانێت ڕۆڵی ئابووری چالاك بکات و داهاتەکانی خۆی بۆ باشکردن و بەهێزکردنی وولات بەکاربهێنێت چ لە ڕووی ناوەوە وە چ لە ڕووی سیاسەتی دەرەکی وولاتەوە، بێگومان چەندەها بنەما و بنەچەی یاسایی هەن کە ئەم خاڵە پاڵپشت دەکەن وەك مافی چارەنووسی ئابووری واتە بڕیاردان لەسەر ئایندەی گەلان لە ڕووی ئابووریەوە کە مافی ئەو گەلانەیە، لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەك بەندی یاسایی ئاماژەی پێکراوە (وولاتە تازەپێگەیشتووەکان مافی ئەوەیان هەیە کە بە ئازادی و سەربەستی داهات و سامانە سروشتیەکانی خۆیان بەکاربهێنن و پێویستیشە ئەم داهاتانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن، هەر لە بەر گرنگی سەروەری وولاتە تازە پێگەیشتووەکان نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری (١٣١٤) و (د-١٣) لە مێژووی ١٩٥٨/١٢/١٢ دا بڕیارێکی دەرکرد بە پێکهێنانی لێژنەیەکی سەروەری هەمیشەیی بۆ داهات و سامانە سروشتیەکان و هەژمارکردنی بارودۆخی سەروەری هەمیشەیی بەسەر سامانە سروشتییەکانەوە وەك یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی بڕیاردان لە سەر (مافی چارەنووسی) دەوڵەت گەر داهاتەکانی سروشتی خاکەکەی و

جوگرافیاکەی بەکاربهێنێت دەتوانێت لە ڕووی سیاسیەوە پلە و پێگەی بەهێز و پتە و بەدەست بهێنێت وەکو ووڵاتی (ئەڵمانیا) کە توانی لە ڕووی ئابووریەوە خۆی بگریتەوە و داهاتەکانی خۆی بە باشترین شێوە بەکاربهێنێت کە ئێستا ئەڵمانیا بە گرنگترین پێگە ئابوورییەکانی جیهان دادەنرێت (صوفی، ٢٠١٠، ٦١)، ئەم هێزەی (ئەڵمانیا) لە ڕووی ئابوورییەوە ڕەنگدانەوەی بەسەر سیاسەتی دەرەکیشدا هەبووە، بگرە سیاسەتی دەرەکی (ئەڵمانیا) لەو ڕووگەیەوە بەهێزە، چونکە بە ئابووری ووڵات پاڵپشتکراوە کە ئەمەش بێگومان لە ژێر ناونیشانی (ئابووری سیاسی) جێی دەبێتەوە، (ریمون بار) دەڵێت : (ئابووری سیاسی زانستی بەکارهێنانی داهاتە نایابەکانی کۆمەڵگەی مرۆییە و بەهەمان شێوەش ئەم زانستە لەو شێوانە دەکۆڵێتەوە کە ئاکاری مرۆیی لە پرۆسەی بەکارهێناندا پشتی پی دەبەستیت) ( مبیض، ٢٠٠٣، ص. ١١٨).

بێگومان ڕۆژ بە رۆژ لە برەوەدایە لە نێوان ووڵاتان یەکە سیاسیەکان زۆر پشت دەبەستن بە ئابووری و ژیانی ئابووری لە گوزەرگەی بازرگانیەوە، بەهەمان شێوەش قەبارەی بازرگانی لە سەرجەم بوارەکاندا دەبێتە پاڵپشتێکی بەهێز و پتەو بۆ سیاسەتی دەرەکی، ئەم ئابووریە لەگەڵ پەرەسەندنی دەوڵەت پەرەدەستێنیت، هەناردەکردنی کاڵاکان لە ڕێی بازرگانیەوە بەشێکە لە ئابووری جیهانی کە ئەمەش لە گوزەرگەی باشکردنی پەیوەندیە سیاسیەکانەوە نەشونما دەکات و پەرەدەستێنیت. ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ساڵی (١٩٣٨) ەوە چاڵاکیە بازرگانیەکان هەر (١٠ ساڵ) جارێك دووقات زیاد بووە. بە پێی ئامارەکان هەناردەی جیهانی لەو ساڵەدا (٢٤ ملیار دۆلار) بوو کە چی لە ساڵی ١٩٨٩ واتە پاش (١٠ ساڵ) گەیشتە (٧,٥٣ ملیار دۆلار) لە ساڵی (١٩٥٨) یشدا گەیشتە (٩٥.٤ ملیار دۆلار ( الحساوی، ٢٠٠٧، ص. ٢٩٣-٢٩٤). ئەم ئاڵوگۆڕە بازرگانیە کە بەشێکی سەرەکی کەرتی ئابووریە لە جیهاندا دەبیتە هاوکاری و یارمەتیدان و چالاککردنی ڕەوشی ئابووری کە پرۆسەکەش بە گشتی پەیوەستە بە سیاسەتی دەرەکی ووڵاتەوە و لە سەردەمی جیهانگیریدا تەنانەت ئاراستەکانیش گۆراون چوندین جۆرە بازرگانی نوێ وەکو بازرگانی ئەلیکترۆنی درووست بووە کە سنوری دەوڵەتەکانی تێپەراندووە و لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا نەماوەتەوە (نورەدین، ٢٠١٩). سیاسەتی دەرەکی ووڵات دەرفەت و دەروازەکان واڵا دەکات بۆ ئەم بازرگانیە و بە هەمان شێوەش دەبێتە پاڵپشتێك بۆ سیاسەتی دەرەکی ووڵات.

فاکتەری ئابوری وەک فاکتەرێکی سەرەکی لە فاکتەرەکانی پێوەرکردنی هێزی دەوڵەت دەمێنێتەوە کە کاریگەری دەخاتە سەر هەلوێست و رەفتاری سیاسی دەوڵەت لە ئاستی پرس و بابەتە سەرەکیە کانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان وەک یەک لەو ئامرازانەی هەژماردەکرێت لە کە دەوڵەت پەنای بۆدەبەن لە جموجۆڵ و چالاکیەکانیان لە سەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا (الدەباغ، ٢٠٢٠). ئەوەی پێویستە بگوترێت ئەوەیە کە هەژمار کردنی فاکتەر و ڕەگەزی ئابوری بۆ هەندێ دەوڵەت ئەوە ناگەیەنێت کە دەوڵەت خاوەن سەرمایە و بەروبوم و سامانی سروشتی وەک نەوت و غاز و وزەی دیکەیە، بەڵکو ئەوە گرینگە گواستنەوەی ئەو پێدراوە ئابوریانە بۆ توانای هێزی دەولەت. ئەوەش پێویستی بەوەیە تا چەند دەوڵەت دەتوانێت ئەم فاکتەرانە وەگەربخات سودی لێوەربگرێت لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەکیدا و هەوڵی بەگەرخستنیان بدات و سود وەربگرێت لێیان لە ڕێگەی ستراتیژی نیشتمانی باڵا ( حسین، ٢٠١٨، ل. ١٧٥)، لێرەدا چین یەکێکە لەو ولاتانەی کە ئەم فاکتەرانەی زۆر بە باشی وەگەردەخات بە هەمو بوارەکاندا  بواری سروشتی کە لەسەر خاک و ژێرخاکی دەوڵەت دا هەن (عبدالله و عبدالرحمن، ٢٠١٥). هەروەها بواری گەشتیاری و پیشەسازی و سامانی سروشتی کە توانیویەتی سود لە هەموو فاکتەرەکان وەربگرێت و بیکات بە هێزی دەوڵەت و ببێت لە یەکێک لە گەورە ئابوریەکانی جیهان تەنانەت لە هەموو جیهان کەلوپەلی هاوردەی چین لە وڵات و لە ماڵەکان هەیە بەشێوەیەکی نرخی گونجاوی بازرگانی، چین لە هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ پێشخستنی ئاستی گەشەی ئابوری، بۆ ئەم مەبەستەش وەزیری بازرگانی کارنامەی نوێی ڕاگەیاند چاویان لەوەیە ئاستی گەشەکردن ئابوری وڵات بگەیننە ٦.٥% بەگوێرەی پێشبینیەکان ئەو ئاستەی لە گەشەکردن ١١ ترلیۆن دۆلار داهات بۆ وڵاتەکەیان پەیدا دەکات. هەروەها بە لایەنی کەم ١١ ملیۆن هەلی کاریش دەرەخسێنێت حکومەتی چین پێشوازی لە سیاسەتی ئابوری خۆی دەکات بەوەی خاو بونەوەی گەشەی ئابوری لەسەر حیسابی پەرەپێدانی سیاسەتی دەرەکی وڵات بە هێز بونی ئابوری دەبێتە هۆی بەهێزبونی سیاسەتی دەرەکی. بەگوێرەی ڕاپۆرتی دامەزراوەی price water house coo  pers تا ساڵی ٢٠٣٠ وڵاتی چین دەبێتە ڕێزبەندی یەکەم و بەرهەم هێنانی خۆماڵی دەگاتە ٣٨ ترلیۆن و هەشت ملیار ( وشە، ٢٠١٧).

## 2-2: کاریگەری نەرێنی فاکتەری ئابووری لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت (سزا ئابوورییەکان)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فاکتەرە ئابووریەکان بە گشتی کاریگەریان لەسەر دەزگا سیاسیەکان و ئاکار و هەڵویستە سیاسیەکاندا هەیە ئەم کاریگەریەش ڕەها نیە و بەشێوەیەکی دینامێکی بەڕێوەناچێت و ئەم فاکتەرانە کاریگەری لی دەکەن :

1) کاریگەری ئابووری چڕدەبێتەوە کاتێك کە داهاتە سروشتی و سامانەکان زۆربن کە چی گەر ئەو داهاتانە کەم بن حاڵەتی نەرێنی دروست دەکەن، لە هەر دوو ئەم حاڵەتەدا پێدراوی پتەوهەن کە خۆیان دەسەپینن، و بۆ نموونە (کوەیت) ووڵاتێکە یەدەگی نەوتی زۆری هەیە ئەمەش بووەتە هۆکاری باشبوونی ڕەوشی تاك لەو ووڵاتەدا لە ڕووی ئابووری و ڕەفاهیەت و خۆشگوزەرانیەوە کە چی ووڵاتێکی وەك (یەمەن) ئەو ڕەفاهیەتەی لێ نیە، چونکە نەوت و داهاتی سروشتی زۆر نیە، ئەم دوو حاڵەتە جوودایەش ڕەنگدانەوە یان بەسەر سیستەمی سیاسی ئەو دوو ووڵاتەدا هەیە، بەڵام هەر یەکە و بەجۆرێك.

2) زۆربوونی داهاتی سروشتی بەس نیە بۆ جیگیربوونی سیاسی لەووڵاتدا، چونکە داهاتەکان بەهەمان شێوە بەچالاکی تاکەکان و زیرەکی و هۆشمەندیشیانەوە پەیوەستە تاکەکانی کۆمەڵگە گەر زیرەك و لیهاتووبن دەتوانن ئەو داهات و سامانە سروشتیانە بەکاردبێنن بۆ خزمەتی گیانی سیاسی لە ریگای گۆڕینیان بۆ داهاتی پیشەسازی وە یان کشتوکاڵی وەیان بیگۆڕن بۆ هەر شێوازێکی دی کە کۆمەڵگە سوودی لێ ببینێت ئەم حاڵەتەش لە ڕێگای بیر و هزر و داهێنان و کۆششی مرۆییەوە دروست دەبێت، ( البقمی، ٢٠٠٦، ص. ٤٨) بۆ نموونە بەشێك لە وڵاتە ئەفریقیەکان لە رووی سامانی سروشتی دەوڵەمەندن بەڵام نەیانتوانیوە بیخەنە خزمەت دەولەتەکانیان.

3) ئاستی پێشکەوتنی هێزەکانی بەرهەمهێان گوزارشت دەکات لە سروشتی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت و ڕادەی بەکارهێنانی سروشت بۆ بەرژەوەندی خۆی ئەمەش ئاستێکە پەیوەندی بە جۆری ئامرازەکانی کارکردن و ئەو ووزانەوە هەیە کە بەکاردەهێنرێ و بەهەمان شێوەش پەیوەندیان بە تەکنیکیەوە هەیە.

4) کاریگەری فاکتەرە ئابوورییەکان لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە پەیوەندیەکی توکمەی بە دابەشکردنی بەرهەمەکانەوە هەیە ئەویش لەبەر ئەوەی کە بەرهەمە هاوشێوە و فرەجۆرەکان دەرفەتی بەرهەمی گونجاو بۆ تاکەکان دەرەخسێنن لەمەوە ئیدی پیدراوە ئابوورییەکان هەموو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەربەخۆییەکان لە دەست دەدەن لە خۆسەپاندن بەسەر تاکەکاندا و ئیدی تاکەکان لەم کۆت و بەندە رزگاریان دەبێت.

وولاتە رۆژئاواییەکان لە پاش کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی دووەمدا دوو دەزگای گرنگیان دامەزراند کە لەم دوو دەزگایە پێکدیت :

سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانگی نێودەوڵەتی دواتریش واتە پاش (٥٠ ساڵ) رێکخراوی بازرگانی گشتیان دامەزراند تاکو چوارچێوەی فەرمی نێودەوڵەتی لە ڕووی ئابووریەوە دروست بێت، ئەم رێکخراوانە وولاتە پیشەسازیە مەزنەکان زاڵن بەسەریدا وئاراستەیان دەکەن تاکو بەرژوەندییەکانیان پێ دابین بکەن و پرۆسەی جیهانگیری ئابووری بەهۆیەوە بەڕێوەبەرن و بەهەمان شێوەش وولاتە تازە پێگەیشتووەکانی پێ کۆنترۆڵ بکەن ( عودال، ٢٠٢٠) و (البقمی، ٢٠٠٦، ٤٨).

بێگومان وولاتە زلهێزەکان لە رێگای ئەم جۆرە دەزگا و رێکخراوە ئابووریە زەبەلاحانەوە سزای ئابووری دەسەپێننە سەر وولاتە تازە پێگەیشتووەکان تاکو مەرجەکانی خۆیان بسەپێنە سەر ئەم وولاتانە لە ڕووی سیاسی و ئابووریەوە وە هەروەها چەندەها پاساو دەهێنەوە بۆ ئەم هەڵوێستەیان لەوانە بۆ نموونە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی تیرۆر و رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی و پاراستنی مافەکانی کرێکار و نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان و پاراستنی ژینگە و چەندەها پاساوی دیکە.

ئەمە جگە لەوەی چەندەها کۆمپانیای جیهانی فرە ڕەگەز دامەزراون بۆ کۆنترۆڵکردنی چالاکی بازرگانی وچالاکیەکانی بەرهەمهێنان ئەویش لە ریگای بازرگانی نێودەوڵەتی و وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ وە پاڵپشتکردنی سیاسەتەکانی دەزگا ئابووریە نێودەوڵەتیەکانی وەکو سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی کە دەروازەکانی بازاڕی ئازادیان واڵاکرد و دەرفەتەکانی بەشداری ئابووری چڕیان بۆ کۆمپانیا ئەمریکی و ئەوروپی و ژاپۆنیەکان کردەوە و بواریان بۆیان ڕەخساند کە دەستوەردەن لەسەرمایە و بونیادی ئابووری وولاتە هەژارەکان، ئەو کۆمپانیا زەبەلاحانە لە گوزەرگەی ئەو دەزگا فەرمیە ئابوورییانەی خۆیانەوە توانیان کە کارگە پیشەسازییەکانی خۆیان بخەنە گەڕ لە بازاڕگە جیهانیەکاندا و لەناو خاکی ئەو وولاتە هەژارانەدا، چونکە لەو وولاتانەدا دەستی کار هەرزانترە و ئەمەش دەرفەتێکی ئابووری بەسوودە بۆ کۆمپانیاکانیان بەشێوەیەکی دوور مەودا، بەهەمان شیوەش ئاڵو گۆڕی هەندێك پشکی دراوەکان کە ئامراز گەلێکی لە لایەن وەبەرهێنەرە گەورەکانی جیهانەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەکاردەهێنرێن بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ جیهانەوە قۆرخ کراون و حەواڵەی وولاتانی هەژار و بازارگە و بۆرسەکانیان دەکرێت، لەم پرۆسەیەدا سەرمایەکان لە وولاتێکەوە بۆ وولاتێکی دی لە جیهاندا دەگوازرێتەوە ئەویش بە فرۆشتنی وەیان کڕینی ئەو قەوالانە ئەویش بە بڕیارێك کە لە لایەن بەرێوەبەری ئەو کۆمپانیا زەبەلاحانەوە دەردەچێت وە یان لە لایەن بانکە جیهانیەکانەوە کە سیستەمی سودگرتن (الربا) پەیرەو دەکەن، شیمانەی ئەوەش هەیە کە ئەو پارە کۆکراوانە کت و پڕ لە وولاتە هەژارەکە بکشێنێتەوە بۆ سزادانی تاکو وولاتە زلهێزەکان مەرجەکانی خۆیان بسەپێنن بۆ سەریاندا ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی قەیرانی مەزن وەکو ئەوەی لە ساڵی (١٩٩٧) دا ڕوویدا لە وولاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی (ئاسیا) ، کە هۆکارەکەی فراوانخوازی بوو لە بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەدا ( البقمی، ٢٠٠٦، ٤٩).

گەمارۆی ئابووری بە فاکتەرێکی گرنگی سیاسەتی دەرەکی هەژمار دەکرێت، کە لە لایەن زلهێزەکانەوە و لە ڕێگای ئەم کۆمپانیا و ڕێکخراوە ئابوورییانەوە ئەنجام دەدرێت دژ بە وولاتە هەژارەکان، ئەویش بۆ سەپاندنی لۆجیکی ئابووری و سیاسی خۆیان، بۆ نموونە ڕاگرتنی پرۆسەکانی هاوردە و هەناردەکردن لەگەڵ ئەو وولاتانە دەبێتە هۆکاری شۆککردن و پەکخستنی جوڵەی ئابووری ئەو وولاتانە و دەرەنجام ناچار دەبن کە هەڵوێستەکانی خۆیان بگۆڕن هەر چەندە لەبەرژەوەندی وولاتەکەشیاندا نەبێت (عبدالمومی، ٢٠١٦، ص. ١٤٢). سەرە ڕای بونی لایەنی باشی فاکتەری ئابوری بۆ وڵات فاکتەری ئەرێنی لایەنی خراپیشی هەیە وەک فشارە ئابوریەکانی ئەمریکا دۆخی ئابوری ئێرانی خرابتر کردووە لە ئاستی ناوخۆدا :- بردنە دەرەوەی پارەیەکی زۆر لە لایەن سەرمایە دارانی ئێرانیەوە بەهۆی بێ متمانەییان بە بازرگانی و سەرمایەگوزاریی ناوخۆی پاشەکەوت کردنی پارە لە ئێران، زیاد بونی کڕینی مولک لە وڵاتی تورکیا لەلایەن هاوڵاتیانی ئێرانەوە، وە بەردەوام بونی خۆپیشاندان لە شارەکانی ئێران زۆر بونی دیاردەی گەندەڵی ئیداری و بەرتیل وەرگرتن لە دامو دەزگا حکومیەکان، بەرزبونەوەی نرخی پێداویستی ڕۆژانە کە وای کردووە کڕین و فرۆشتن لە بازاڕەکانی ئێران ڕوو لەکەمی بکات. ئەم دیاردەیە لە جەژنی نەورۆزی ٢٠١٩ لە وڵاتی ئێران بە ئاشکرا دەبینرا، لەم بارەیەوە ماڵپەڕە ئێرانیەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە لە نەورۆزی ٢٠١٩ فرۆشتن لە کۆمپانیا و دوکانەکانی ئەو وڵاتە بە ڕێژەی ٨٠% کەمی کردووە، بە هۆی گرانی پێداویستیەکان و ترسی هاوڵاتیان لە خەرج کردن پارە ، وای کردوە کە نرخی پێداویستیەکان بە ڕێژەی بەرچاو بەرزبۆتەوە، نرخی یەک کیلۆ گۆشت لە ٤٩ هەزار تومەن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرزبۆتەوە بۆ ١٠٠ هەزار تومەن، نرخی مریشک لە ٨ هازار بەرزبۆتەوە بۆ ١٧ هەزار تومەن ( Political Studies, 2019).

لە ئاستی دەرەوەدا :- وڵاتانی ئەوروپا و هاوپەیمانە هەرێمیەکانی ئێران مامەڵەکانیان لەگەڵ ئێران کەم کردۆتەوە بە جۆرێک ئاستی هەناردە کردنی نەوت لە ڕۆژێک دا دابەزیوە بۆ ٧٠٠ هەزار بەرمیل ، ئەمە لەکاتیکدا پێش ئەوەی ئەمریکا سزای ئابوری بەسەردا بسەپێنێت ئاستی هەناردە کردنی نەوت لە ڕۆژێکدا ٢.٥ ملیۆن بەرمیل نەوت بوو، هەرچەندە ئەمریکا لە ٤ /١١ /٢٠١٨ وڵاتانی ( چین ، ئیتالیا ، هیند ، یۆنان ، تایوان ، یابان ، تورکیا ، کۆریای باشور ) کە کڕیاری سەرەکی نەوتی ئێرانن بۆماوەی شەش مانگ لە سزاکان بەخشی تا ئەوەی وڵاتێکی تر بدۆزنەوە بۆ کڕینی نەوت ، هەریەک لە وڵاتانی یۆنان و ئیتالیا ئاستی هاوردەکردنی نەوتی ئێرانیان گەیاندە صفر، وڵاتەکانی تریش ئاستی هاوردەکردنی نەوتیان زۆر کەم کردەوە ، ئامادەنین هاوشێوەی پیشو تر مامەڵەکانیان لەگەڵ ئێران پەرە پێبدەن ، ئەمریکا لە ٢٠١٩/٣/٢٢ چوار کەس و حەڤدە دامەزراوەی پەیوەندی دار بە بەرنامەی ناوەکی و موشەکی خستە لیستی گەمارۆکانەوە کە لە هەریەکە لە ولاتەکانی (ئێران ، تورکیا ، ئیمارات ) بوون کە سەرچاوەی داهاتێکی زۆر بوون بۆ سوپای پاسدارا ، لێرەدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئابووری فاکتەرێکی گرنگ وکاریگەر پێکدەهێنێت لە ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەکیووڵات لە ڕووی نەرێنی (سلبی)ەوە وە ئەم فاکتەرە بۆی هەیە نەرێنی وە یاخود ئەرێنی (ایجابی) بێت، کە لە سیاسەتی دەرەکی ووڵات بەکار دەهێنرێت و پرۆسەی ئابووری فراوانترین و چڕترین ڕۆڵی تیایدا دەگیرێت چ لە ڕووی چالاککردنی ڕەوشەکە و چ لە ڕووی شۆککردنی یان پەکخستنی پرۆسەکەوە بە یەکجارەکی. ( Political Studies, 2019).

## دەرئەنجامەکان

1) سیاسەتی دەرەکی جوڵەیەکی یەك ڕەهەند نیە، بەڵکو لق و پۆپی هەیە و لە چەند مەودا و بۆچوون و بزاوتێکدا بوونیان دەبێت.
2) سیاسەتی دەرەکی هەر ووڵاتێك گوزارشت لە توانا و پێکهاتە و ئاست و پلە و پایەی خودی ووڵاتەکە دەکات بە تایبەتی لە ڕووی ئابووریەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3) گەر ئابووری وولاّت بەهێز بێت ئەوا سیاسەتی دەرەکی ئەو وولاّتەش بەهێزدەبێت، بەڵام گەر ئابووری وولاّت دارِما بێت ئەوا سیاسەتی دەرەکی ئەو وولاّتەش لاواز دەبێت.

4) سیاسەتی دەرەکی جگە لە باری ئابووری وولاّت پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی و ئابووری نێودەوڵەتیشەوە هەیە.

5) سیاسەتی دەرەکی وولاّت سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت گەر بارودۆخی وولاّت جێگیر و سەقامگیری سیاسی و ئابووری لە ناوخۆی وولاّتدا بوونی هەبێت ئەگینا سیاسەتی دەرەکی بە بێ ئەو سەقامگیریە سەرکەوتنت بەدەست ناهێێت لە ناوەند سیاسی ئابوورییەکانی جیهاندا.

## لیستی سەرچاوەکان


1- شمال حسین ، سیاسەتی دەرەکی ، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە ، هەولێر کوردستان ، چاپی دووەم ، ٢٠١٨.

2- لويد جونسون، تفسير السياسة الخارجية، ترجمة: محمد بن احمد مفتي و محمد السيد سليم، الرياض – السعودية،١٩٨٩.

3- هايل عبدالمولي طشطوش، مباديء اساسية في العلوم السياسية, دار الكندي, عمان - االردن,٢٠٠٦.

4- عامر مصباح، المقاربات النظرية في تحليل السياسة الخارجية، ٢٠٠٨.

5- السياسية الخارجية :دراسة في المفاهيم ،التوجهات والمحددات - المركز الديمقراطي العربي (democraticac.de)

6- عبد الغفور كريم علي و عمر نور الديني. (2017). المقومات الاساسية للسياسة الخارجية الامريكية. *Tikrit Journal for Political Science*, (9).

7- ريتشارد لبتيل، توازن القوى فى العلاقات الدولية، دار الكتاب العربي، ٢٠٠٧.

8- محمد عبدالعز، في النظريات و النظم السياسية، بيروت، ١٩٨١.

9- حسان العاني، الانظمة السياسية و الدستورية المقارنة، القاهرة، ٢٠٠٧.

10- رحمن على صوفي، حق الشعوب في استغلال ثرواتها الطبيعية٢٠١٠.

11- عامر رشيد مبيض، موسوعة الثقافة السياسية الاجتماعية الاقتصادية، دار الرفاعي، حلب، ط١٢، ٢٠٠٣.

12- كريم مهدي الحساوي، مباديء علم الاقتصاد، بغداد، ط٢، ٢٠٠٧.

13- ايدرس ابِصاغد نارزان فلِ خيو نرٌ & ,اِيدرس ادنخر أردوان ّصطفِ إشِاغيو . (2018). The referendum For the independence of Kurdistan from the perspective of Islamic law and international law. *QALAAI ZANIST SCIENTIFIC JOURNAL*, *3*(1), 537-553.

14- هاورێ یاسین محمدامین، دەروازەیەك بۆ جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیك، ناوەندی غەزەلنوس، سلیمانی، چاپی دووەم، ٢٠١٥، ل. ٥٦.

15- ناصح بن ناصح البقمي، سياسات منظمات العولمة الاقتصادية في ضوء الشريعة الاسلامية، مكتبة الرشد، القاهرة، ط١، ٢٠٠٦.

16- كارزان فقي خليل كريم. (2019). Preventive and remedial measures to combat financial and administrative corruption An analytical study from an Islamic perspective. *QALAAI ZANIST SCIENTIFIC JOURNAL*, *4*(3), 533-557.

17- http://www.wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=24509&Jor=3

18- http://www.kurdistanc.com/Political/details.aspx?jimare=1420

19- Abdullah, NN, & Mohd, F.(2015). Chinese Economic Activities and Interests in Developing Countries. *Australian Journal of Basic and Applied Sciences*, 9(25), 79-86.

20- Ahmed, F. M., Hadi, D. M., & Ahmed, A. K. (2020). The Impact of Economic Growth, Financial Development, and Trade Openness on Environmental Degradation in Egypt. *Polytechnic Journal*, *10*(1), 98-102.

21- AlDabbagh, Y. T., & Al-Qissi, M. W. (2020). The Future of the International Order in a Changing Strategic World. *QALAAI ZANIST SCIENTIFIC JOURNAL*, *5*(2), 782-822.

22- Awdel, Z. M., Odel, N. M., & Saadi, W. F. (2020). The rise of the globalization and its effect on the autonomy of state and political economy. *Journal of critical reviews*, *7*(6), 998-1000.

## The Impact of The Economic Factor on The Country's Foreign Policy

**Ahmed Babakr Ahmed**
Department of Diplomacy and International Relations, College of Law and International Relations, Lebanese French University, Kurdistan region, Erbil, Iraq.
Ahmed.babakr@lfu.edu.krd

***Keywords:*** *Foreign plocy, Economy, Effects, Posative effect and Negative effect.*

## Abstract

The foreign policy of any country expresses its status, its economic and military policies, and the real state of the country itself. There are also several factors that have their implications on the foreign policies of international units, and this research highlights the economic factor as the most important factor for the foreign policies of countries, and that the role of the economy is shown in terms of positive and negative aspects in the foreign policies of countries, and shows the importance of this research that the foreign policies for any country, it expresses the status and prestige of the country itself.

-------------------------------------------------------------

## تأثير العامل الاقتصادي على السياسة الخارجية للدولة

**ملخص:**

السياسة الخارجية لأي دولة تعبر عن مكانتها و سياساتها الاقتصادية و العسكرية و الحالة الحقيقية للدولة نفسها. و كذلك هناك عدة عوامل لها تاثيراتها على السياسات الخارجية للوحدات الدولية ، و هذا البحث يتسلط الضوء على العامل الاقتصادي كأهم عامل للسياسات الخارجية للدول, و أن دور الاقتصاد مبين من الناحية الاجابية و السلبية في السياسات الخارجية للدول ، وتبين أهمية هذا البحث من أن السياسات الخارجية لأي دولة من الدول تكون معبرا عن مكانة و هيبة الدولة ذاتها.